# ١٣,٦%ی خێزانە گەرمیانییەکان کرێنشینن

## "لە هەولێر و شەقڵاوە پارتی زەوی بەسەر کرێنشیناندا دابەش کردووە"

٤٥٠٠ خێزانی کرێنشین لە کەلار و کفری و ڕزگاری هەیە

**نووسینگەی کەلار**
**مەریوان حەسەن**

**شاخەوان نامیق لێپرسراوی لقی گەرمیانی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان وتی:"زیاتر لە ٤٥٠٠ خێزان ناوی خۆیان تۆمار کردووە لە لقەکەمان و ئێستا بە بریارێک بۆ ماوەی چوار مانگە فۆرمی کرێنشینی دابەش ناکەین".**

لێپرسراوی لقی گەرمیانی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان باسی ڕایگەیاند لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە لە گەرمیان لقەکەیان دامەزراوە، تاوەکو ئێستاش دوو جار ناویان تۆمار کردوو، واتا دوو جار ناسنامەیان داوەتە هاووڵاتیان "بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو کەسانەی کە ناویان تۆمارکردوە سوودمەند نەبوونە لە حکومەت".

شاخەوان نامیق لەبارەی کارەکانی خۆیانەوە بۆ ڕزگارکردنی خەڵک لە کرێنشینی وتی:"ئیدارەی گەرمیان بە هاوکاری شارەوانیەکانی گەرمیان وەعدی ئەوەیان داوە کە ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران بریاری زەوی دابەشکردنی دا ئەوا ئەوانیش هاوکاری ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەکەن کە لە گەرمیاندا لە خانووی کرێدان".

لێپرسراوەکەی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجیان لە کردنەوەی ئەم لقە لە گەرمیاندا هاوکاری کردنی خەڵکی فەقیر و هەژاری ناوچەکەیە کە لە خانووی کرێدان و لە گەڵ ئەوەیشدا فەرمانبەر نین لە دام و دەزگاکانی میری، هەر بریارێکی زەوی دابەشکردن دەربچێت ئەو خەڵکە هەژارە ناگرێتەوە، وتیشی:"ئێمە لە گەرمیاندا هەوڵی ئەوە دەدەین ئەو کۆمەڵە خەڵکەیش لە هەر خزمەتگوزارییەکی ئەم وڵاتە بێبەش نەبن".

لەبارەی ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەی لە گەرمیاندا کرێنشینن و لای ئەوان ناویان تۆمار کردووە، لێپرسراوی لقی گەرمیانی داکۆکی لە مافی کرێنشینانی گەرمیان وتی:" بە پێی ئەو فۆرمانەی دابەشمانکردووە بە تەنها لە قەزای کەلار و ڕزگاری زیاتر لە (٣٠٠٠) کرێنشین هەیە و لە شاری کفری (١٥٠٠) کرێنشین هەیە". کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان بۆ پرکردنەوەی هەر فۆرمێکی کرێنشینی ٢٠٠٠ دیناریان وەرگرتووە.

شاخەوان ئەڵێت:"خەڵکی وا هەبووە هاتووەتە لای ئێمە نەیتوانیوە ئەو بڕە پارەیە بدات، بۆیە ئێمە لە حسابی خۆمان ئەو پارەیەمان داوە"، بەڵام لێپرسراوەکەی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان ڕوونی نەکردەوە کە ئەو پارەیەیان بۆ وەرگرتووە.

ناوبراو ڕوونی کردەوە کە مەرجی ئەندام بوون لە کۆمەڵەکەیان دیاری نەکراوە. ئەو خەڵکانەی تاوەکو ئێستا ئەندامن لە لقەکەیان سوودمەند نەبوونە تاوەکو ئەوان مەرجی بۆ دابنێن.

شاخەوان دەڵێت:"بەپێی بڕیارێک بۆ ماوەی نزیکەی چوار مانگ دەبێت فۆرمی ئەندام بوونمان ڕاگرتووە و هەرکاتێکیش بڕیارێکی لەو جۆرە دەرچوو کە زەوی دابەشکرێت دووبارە فۆرم دابەش دەکەینەوە".

بەپێی ئاماریک کە دەستی (زەنگ) کەوتووە، ژمارەی دانیشتوانی گەرمیان (٣٢٨٨٣) خێزانە کە دەکاتە (٨٦٩٦٨) کەس. عەدنان کەریم بەرپرسی بەشی ئامار لە ئیدارەی گەرمیان وتی:"بە تەنها لە شاری کەلاردا (١٩٦٩٣) خێزان هەیە و لە ڕزگاری (٦٥١٦) خێزان هەیە و لە کفری (٦٦٧٤) خێزان هەیە". بەرپرسی بەشی ئامار ڕایگەیاند بەپێی ئەوەی ئێستا ئەوان خەریکی ڕێژەی خێزانەکانی گەرمیان زیاتری کردبێت.

شاخەوان نامیق بەرپرسی لقی گەرمیانی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینانی گەرمیان وتیشی:"لە هەولێر و شەقڵاوە و هەندێ شوێنی ئەو ناوچانە، پارتی زەوی و کۆمەکیان داوەتە ئەو خێزانانەی کە فەقیرن و لە خانووی کرێدا دەژین بە مەرجێک هەموو ئەو خێزانانەی کە سودمەند دەبن پارتی بن". بە وتەی ئەو، کۆمەڵەکەی ئەوان لە گەرمیاندا بەرنامەڕێژیان کردووە بۆ ئەوەی هیچ جیاوازیەک نەکرێت لە نێوان چینی هەژاراندا و ئەگەر بەم نزیکانەیش حکومەت بڕیاری زەوی دابەشکردنی دەرکرد ئەوان ئومێدی ئەوەیان هەیە پشکی خۆیان وەکو گەرمیان هەبێت. وتیشی:"ئێمە ئەوەیشمان داناوە کە کۆمەڵێ خەڵک هەن ئەگەرچی فەرمانبەریش بن ڕەنگە بژێوی ژیانیان لە ئاستی پێویستدا نە بێت بۆیە ناوی ئەوانیش تۆمار دەکەین".

## داهاتی مەرزی پەرۆێزخان بۆ کەلار خەرج دەکرێت

# شارەوانی کەلار زەوی ئیفراز کراوی نییە بۆ دابەشکردن

**زەنگ–نووسینگەی کەلار:**

**سەرۆکی شارەوانی کەلار وتی:" ئێمە لە کەلاردا زەوی ئیفراز کراومان نییە و هەموو داهاتی مەرزی پەرۆێزخانیش لە شارەوانی کەلارە و دوای بڕیاردان، لە خزمەتگوزاریەکانی کەلاردا سەرف دەکرێت".**

سەرۆکی شارەوانی کەلار جواد وادی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان وەکو شارەوانی زەوی ئیفراز کراویان نییە و ئاگاداری هەموو ئەو داواکاریانەن کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لە سەر دەدات و لەو ڕوەوە دەڵێت:" ئەوەی کە داوا کراوە بۆ مەسەلەی زەوی دابەشکردن دوو حاڵەتە ئەویش ئەوەیە یان دەبێت زەوی ئیفرازکراوت هەبێت، یان دەبێت زەوی ئیفراز بکەیت. ئێمە لە کەلار زەوی ئیفراز کراومان نییە".

سەرۆکی شارەوانی باسی ئەوە دەکات ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ئەوەی دەرکرد زەوی دابەش بکرێت ئەوکات ئەوان ئیشی خۆمان دەکەن و داوا دەکەن لە کشتوکاڵی کەلار زەوی دیاری بکەن و ئامادەی دابەش کردنی دەکەن. وتیشی:"ئێمە تا ئێستا ئەو شوێنەمان دیاری نەکردووە کە دابەش دەکرێت".

سەبارەت بەوەی دەنگۆی ئەوە لە کەلاردا هەیە گوایا شارەوانی کەلار تاوەکو پرۆژە خزمەتگوزاریەکانیان تەواو نەکەن زەوی دابەش ناکەن، جواد وادی سەرۆکی شارەوانی کەلار وتی:"شتی وا نیە، ئەگەر حکومەت بڕیاری دا لە نزیکترین کاتدا زەوی ئیفراز دەکەین و دابەشی دەکەین".

لەبارەی سەردانەکەی جێگری سەرۆکی حکومەتیشەوە بۆ کەلار، سەرۆکی شارەوانی ئاماژە دەکات بەوەی یەکێک لەو بڕیارانەی جێگری سەرۆکی حکومەتی بۆ کەلار داویەتی، پرۆژەی جادەیەکی پشتێنەییە، لە بەردەسووڕەوە دەست پێدەکات لە ڕێگەی کەلار - ڕزگاری کۆتایی دێت کە ئەو جادەیەیش بۆ لۆریە بارهەڵگرەکانە.. ئەو جادەیە نزیکەی ١١ ملیار دۆلاری تێدەچێت، "ئێستا کاتێکی بۆ دیاری کردووین بۆ ئەوەی سەردانی بکەین بۆ ئەو مەبەستە".

سەبارەت بە ئاگایی شارەوانی لە دروستکردنی زانکۆ لە کەلار و دوو ساید کردنی کەلار - سلێمانی، جواد وادی رایگەیاند بۆ مەسەلەی کردنەوەی زانکۆ لە کەلار هەوڵی بۆ دەدەن و نزیکەی دوو سەد و پەنجا دۆنم زەوییان دیاری کردووە بۆ زانکۆکە.. سەبارەت بە نوێترین پرۆژەی شاری کەلار ئەوەی وت کە ئەوان لە سەر بودجەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و لە سەر داوای خۆیان بڕیاری پارکێکیان داوە بۆ قەڵای شێروانە "بە دیزاینێکی جوان".

سەرۆکی شارەوانی وتی:"ئەو پارکە نزیکەی ٣٩٤ ملیۆن دینارى تێدەچێت و پارەکەی ئامادەیە".

سەرۆکی شارەوانی کەلار ئەوەیشی پێوتین کە هەموو ئەو خواردن وخواردنەوانەی ناو شاری یاری کەلار لیژنەی تایبەتی بۆ دانراوە. لەو ڕوەشەوە وتی:"بۆ دڵنیابوونی هەموو خەڵکی گەرمیان لە ڕێگەی ڕۆژنامەکەتانەوە لیژنەیەکمان پێک هێنا لە قایمقامیەت و شارەوانی و بەشی ئابووری ئاسایشی گەرمیان سەردانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانمان کرد بۆ ئەوەی نرخێک لە سەر فرۆشتنی شتەکانیان بدەین لە ناو شاری یاری دەرکەوت کەلار کەمترین نرخی داناوە ئەوەیش وەک جۆرێ لەوەی زیاتر هانی خەڵکی بدرێت ڕوو لە شاری یاری بکەن".

جواد وادی سەرۆکی شارەوانی کەلار باس لەوە دەکات کە داهاتی مەرزی پەرۆێزخان بۆ کەلار خەرج دەکرێت و بەو پارەیەش دەتوانرێت ساڵانە چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری لە شارەکەدا جێبەجێ بکرێت. لەو ڕوەشەوە وتی:"داهاتەکە لە شارەوانییە، بەڵام چاوەڕێی بڕیار لەسەر دانی دەکەین، بۆ ئەوەی لە پرۆژەدا خەرجی بکەین".

**-شارەوانی کەلار دوو سەد و پەنجا دۆنم زەوی دیاری کردووە بۆ زانکۆی گەرمیان.**

**سەرۆکی شارەوانی: پارکە گەورەکەی کەلار کەموکورتی تیایە.**



٣٩٤ ملیۆن دینار لە پارکێکدا خەرج دەکرێت

## چیرۆکی گروپی ٩٩

**عەتا قاجەری**

لە دونیای ئەمڕۆی سەردەمی جیهانگیری کە وەک گوندێکی لێهاتووە لە ژێر سێبەر و سایەی هەژموونگەری سەرمایەداری و کۆمپانیا مەزنەکانی میدیا ناتوانین پرسە ئاڵۆزەکان هەزم بکەین و بەئاسانی لێی تێ بگەین بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی تریش وڵاتی لە مەڕ خۆمان، چونکە هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێت هەل و کایەکان قۆرغ کراون بۆ خزمەت دەسەڵات و دەرکردنی لە ئەرکی خزمەتکردنی بە میللەت.. دەسەڵات و سەرمایەچەکی دەستی کەسانێکن بۆ خۆبەهێزکردن وخۆ دەوڵەمەندکردن، دورکەوتنەوە لە هەست وسۆزی خەڵکی و گەڕان وخەم خواردن لە دەسکەوتی زیاتر.

بۆ قوڵکردنەوە و زیاتر تێگەیشتن ئەم چیرۆکەی دادێت وانەیەکی باشە تاچیتر کات بۆ بیرکردنەوە لەم باسە بە فیرۆ نەدەین.

(چێرۆکی گروپی ٩٩) پادشایەک هەبو فەرمانڕەوای وڵاتێکی مەزنی دەکرد هێشتا لە ژیانی خۆی ڕازی نەبو، بەڵام خۆیشی هۆکاری ئەم ناڕازیبونەی نەدەزانی، ڕۆژێک پادشا لە کۆشکی ئیمپراتۆری دا پیاسەی دەکرد، کاتێک بە چێشتخانەکەدا تێپەڕی گوێبیستی دەنگی گۆرانیەک بوو بەدوای دەنگەکەدا ڕۆشت، پاشا چێشتلێنەریکی بینی کە لە ڕوخساری شەوق و زەوق و شادی دەباری و بەدەم کارکردنەوە گۆرانی دەگوت. پاشا زۆر سەری سوڕما، لە چێشتلێنەرەکەی پرسی: بۆچی ئەوەندە دڵ خۆشی؟

چێشتلێنەرەکە لەوەڵامدا گوتی : قوربان من تەنها چێشتلێنەرێکم هەول ئەدەم کە دڵی ژن و منداڵەکەم خۆش بکەم. ئێمە مانێکمان هەیە لە حەسیر دروست کراوە بە ئەندازەی پێویست خۆراک و پۆشاکمان هەیە هەر لەبەر ئەوەشە من ڕازی و خۆشحاڵم....

پاشا لە پاش بیستنی قسەی چێشتلێنەرەکە لە گەل سەرۆک وەزیران لە بارەی ئەم بابەتەوە قسەی کرد لەهۆکاری دڵخوشی یەکەی پرسی؟

سەرۆک وەزیران وتی: قوربان ئەم چێشتلێنەرە تا ئێستا ئەندامی گروپی ٩٩ نیەو ئەگەر ئەم پیاوە نەبێتە ئەندام ئەوا پیاوێکی خۆشبەختە.

پاشا بە سەر سوڕمانەوە پرسی گروپی ٩٩ چیە؟

سەرۆک وەزیران لە وەڵامدا وتی: ئە گەر دەتەوێ بزانی گروپی ٩٩ چیە، پێویستە ئەم کارە ئەنجام بدەیت: یەک کیسە بە ٩٩ سکەی ئاڵتونەوە لە بەردەم ماڵی چێشتلێنەرەکە دابنێ لە زوترین کاتدا دەزانی گروپی ٩٩ چیە!!

پاشا لە سەر قسەی سەرۆک وەزیران فەرمانی کرد کیسەیەک بە ٩٩ سکەی ئاڵتونەوە لە بەردەم ماڵی چێشتلێنەرەکە دابنێن.

چێشتلێنەر لە دوای ئەنجامدانی کاری چێشتخانە گەرایەوە ماڵەوە لە بەرامبەری کیسەیەکی بینی بە سەرسوڕمانەوە بردیەوە ماڵەوە کردیەوە لە سەرەتا بەبینینی سکە ئاڵتونیەکان سەری سوڕما پاشان لەخۆشیدا پەشۆکا. چێشتلێنەرەکە سکە ئاڵتونیەکانی خستە سەر میزێک و دەستی کرد بە ژماردنیان بە تەواوی ٩٩ سکە بوو، سەری سورما بۆچی ٩٩ سکەیە ١٠٠ سکە نیە؟؟

بیریکردوە دەستی کرد بە گەڕان بە دوای دا بست بە بستی ژورەکە هەتا بگرە حەوشەکەشی سەرو ژێر کرد، هیچی دەست نەکەوت، ماندوو شەکەتو هیلاک بوو، ناچار بە نائومێدی وازی لە گەڕان هێنا.

چێشتلێنەر زۆر خەمبارو دڵ شکاو مات ومەلول بوو، بڕیاریدا لە بەیانیەوە هەوڵبدات تا یەک سکەی ئاڵتونی تر بە دەست بهێنێت و سامان و سەروەتی خۆی هەرچی زوترە بکاتە ١٠٠ سکەی ئاڵتونی هەتا دڕەنگ وەخت کاری دەکرد، هەر لەبەر ئەوەش بەیانی دواتر دڕەنگ لەخەو هەستا، دەستی کرد بە بۆڵە بۆڵ بە سەر ژن و منداڵەکانیا و ڕەخنەی لێ گرتن بۆچی دڕەنگ لەخەوتان هەڵستاندوم. چێشتلێنەر ئیتر وەک جاران خۆشحاڵ نەدەبوو و گۆرانیشی نەدەوت ئەو تەنها چەندی دەتوانی کاری دەکرد..

پاشا نەیدەزانی چۆن ئەم کیسەیە ئەم بەڵایەی بەسەر ئەم چێشتلێنەرەدا هێنا، هۆکارەکەشی نەدەزانی، لە سەرۆک وەزیرانی پرسی: ئەویش لە وەڵامدا وتی:قوربان ئێستا ئەم چێشتلێنەرە بوو بە ئەندامی گروپی ٩٩..

ئەندامانی گروپی ٩٩ جۆرە کەسانێکن کە زۆریان هەیە بەڵام ڕازی نین و هێشتا هەر چاویان لە دوای زیاترە.